# چیرۆکی "خۆرشیدشای خاوەرزەمین"
# لە ڕوانگەی ڕەخنەی " ئۆستوورەیی– کۆن پارادایم"ەوە

ئەنوەر ڕەوشەن

مەریوان- پارێزگای کوردستان/ ئێران.

**پوختە:**

ئەدەبی زارەکی بەشێکی گرنگی فۆلکلۆر پێک دێنێت کە دابەش دەبێت بە سەر دوو بەشی چیرۆک و هۆنراوەدا. چیرۆک، ڕاس، ئەفسانە، حقایەتی گوێ ئاگردان و ... هتد بەشی یەکەمی ئەم جۆرە ئەدەبەیە کە هەڵگری ناوەڕۆکێکی پڕ لە زانیارین. خەڵکی هەموو ناوچە کوردنشینەکانی زنجیرە کێوی زاگرۆس بە پێی لەمێژینەیی بوونی ژیانیان لە سەر خاکە دێرینەکەیان، خاوەنی هەزاران چیرۆک و ڕاس و ئەفسانەن کە تەژین لە هیوا و ئاوات و ئارەزووی وەدی نەهاتووی گەلێکی بندەست. ئەم بەشەی فۆلکلۆر واتە ڕاس و چیرۆک و ئەفسانە تێگەیشتن و ڕوانینی پێشینیانی ئێمە بە نیسبەت ڕووداو و دیاردەکانی دەوروپشت پیشان دەدەن کە لەگەل ڕوانینی مرۆڤەکانی تری سەر رووی زەوی زۆر لێک نزیکن. لەم توێژینەوەیەدا ئاوڕ لە گەنجینەی دەوڵەمەندی چیرۆک و ئەفسانەی نەتەوەکەمان دەدەینەوە و یەکێک لە ڕاسە کوردییەکانی ناوچەی مەریوان بە ناوی " خۆرشیدشای خاور زمین" دەخەینە ژێر تیشکی ڕەخنە و لە ڕوانگەی ڕەخنەی "ئۆستوورەیی_کۆن پارادایم"ەوە باسی لایەنی جۆراجۆر، فۆرم و ناوەڕکی لەو چیرۆکەدا دەکەین. لە وتارەکەدا بەکورتی ڕەخنەی ئۆستوورەیی-کۆن پارادایم کە بە ڕەخنەی ئوستوورەیی – ئارکیتایپ(Archetype)یش ناوی لێ دەبرێت، دەخەینە بەر باس و پاشان کورتەی چیرۆکەکە دێنین و لە کۆتاییدا بەم شێوازە ڕەخنەیە خوێندنەوەی بۆ دەکەین.

**پەیڤێن سەرەکی:** *ئەدەبی فۆلکلۆر، ڕاس، ڕەخنەی ئۆستوورەیی-ئارکیتایپ، یۆنگ.*

**پێشەکی:**

دەشتی مەریوان بەپێی هەڵکەوتی جۆگرافیایی و بارودۆخی سروشتی یەکێک لەو ناوچانەیە کە مرۆڤ هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە واتە پێش مێژوویش، تێیدا ژیاوە و کەلتوور و شارستانیەتی تایبەت تیایدا سەری هەڵداوە. زانای دێرینە ناس ژاک هارلان[1] پاش پشکنین و توێژینەوە سەبارەت بەو جێگایانەی کە یەکەمجار مرۆڤە سەرەتاییەکان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وەرزێرپییان تێدا کردووە لە خشتەیەکدا ناوی ئەو جێگایانە تۆمار دەکات. بە پێی نووسراوەکانی ناو ئەو خشتەیە دانیشتوانی ناوچەی " زرێبار "ی مەریوان و " پەڵەگەورە" کۆنترینی ئەو مرۆڤانە بوون کە لە ١١ تا ١٣ هەزار ساڵ پێش زایین کشتوکاڵ و وەرزێرپییان داهێناوە(ادریسیان، ٢٠١٩). واتە یەکێک لەو گوندانە لە دەشتی مەریوان و لە پاڵ زرێباردا بووە. مەریوان کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە پارێزگای سنەی وڵاتی ئێران و لە نزیک سنووری "باشماخ"دا هەڵکەوتووە، سەردەمانێک شانشینێکی بچووکی سەربەخۆ و زەمانێکیش یەکێک لە ساتراپ نشینەکانی سەردەمی ئیمپراتووریی مادەکان بووە. بە پێی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان دەشتی مەریوان دەرووگە و شارێگایەک بووە کە لێیەوە دزە کراوەتە ناو زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس و سەرزەمینی ئێران. بۆیە هەم لەبەر هەبوونی ئاوی دەریاچەی زرێبار و سرووشتی دەوڵەمەند و دارستانە چڕەکانی و هەم بەهۆی هەڵکەوتی ئیستراتیژیک و هەم لەبەر ئەوەی کە ناوەندی دەسەڵات بووە؛ یەکێک لەو ناوچانە بووە کە بەدرێژایی تەمەنی تەماحی تێکراوە و بووە بە ژێر پۆستاڵی سەدان لەشکەری گەورەی بێگانەکانەوە و کەوتووەتە ژێر داگیرکاری ئاشوور و یۆنان و عوسمانییەوە. ئەم ناوچە خاوەن سەدها شوێنەواری دێرینە و لە سەدساڵی ڕابردوودا چەندین تیمی شوێنەوارناس لێی کۆڵراونەتەوە و دەیان لاپەڕەی شاراوەی مێژووی ئەم هەرێمەیان لەژێر داروپەردووی فەرامۆشی دەرهێناوە و تۆماریان کردووە.

بێگومان ناوچەی دێرینی مەریوان جیا لەو بارە دێرین و مێژووییە، خاوەن کەلەپوور و فۆلکلۆرێکی ڕەسەن و کۆنیشە و چەندین ئۆستوورە و سەدان ئەفسانە و حەکایەت و ڕاس و بەیتی هەیە و خاوەن ئاواز و هەڵپەڕکێ و جلوبەرگی تایبەتیی خۆیە کە پێویستە بۆ ناسین و ناساندنیان چەندین تیم و لێژنەی پسپۆڕ و زانستی لە زانکۆکانەوە کاری لەسەر بکەن.

خوێندکارانی زانکۆی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ لە پرۆژەیەکدا کە چەندین ساڵی خایاند چیرۆک و حەکایەت و ڕاسەکانی ناوچەی مەریوانیان کۆ کردەوە و لە دووتۆی کتێبێکدا ئامادەی چاپیان کردووە. کاری ئێدیت و ساغکردنەوەی ئەو کتێبە کە سەری لە سەدان چیرۆک و ڕاس دەدا و نزیکەی ٢٠٠٠ لەپەڕەی (A4) دەبوو کەوتە ئەستۆی نووسەری ئەم توێژینەوە. یەکێک لەو ڕاس یان چیرۆکانە ڕاسی "خۆرشیدشای خاوەر زەمین" بوو کە سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و پاش بینینی بانگهێشتی شەشەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی فۆلکلۆری کوردی لە زاخۆ بڕیارم دا ئەو ڕاسە لە ڕوانگەی ئۆستوورەیی-ئارکیتایپ یان کۆن پارادایمەوە بخەمە ژێر تیشکی ڕەخنە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## کورتەیەک لە تیۆری ڕەخنەی ئۆستوورەیی- ئارکیتایپ (کۆن پارادایم)

ڕەخنەی" ئۆستوورەیی - کۆن پارادایم"(ئارکیتایپ _ archetype) شێوازێکە لە هەڵسەنگاندنی دەق کە تیایدا هەوڵ دەدرێت لەسەر بنەمای ئۆستوورەکان(دێرین یان نوێ) و پێکهاتەی دەروونناسیی گشتیی مرۆڤ، ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەیەک لە مۆدێلە دووپاتەکراوەکانی نێوە بەرهەمە ئەدەبییەکان بدرێت بە دەستەوە (پاینده، ١٣٩٩ ). ئارکیتایپ (archetype) لە وشەی یۆنانی "ئارکە تیپۆس" وەرگیراوە و لە زمانی یۆنانیدا بە واتای مۆدێل یان سەرچەشنێک دێت کە شتێکی تری لە ڕوو دروست بکرێت. وشەی ئارکیتایپ (archetype) لە دوو بەش دروست کراوە:١_(arche) بە واتای ڕەسن، کۆن، ڕەچەڵەکدارە و ٢_(type) بە واتای مۆدێل، قاڵب، سەرچەشن و "پارادایم"ە. ئەم دوو بەشە پێکەوە بە مانای " کۆن پارادایم" یان بە واتای "سەرچەشن و مۆدێلی کۆن"ە. زێئووس، ئافرۆدیت، هرمس، ئانیما، ئانیمووس، فریشتە و دێو چەن نموونەی ئارکیتایپن.

ئەم جۆرە لە ڕەخنەی ئەدەبی پشت بە تیۆری و بۆچوونەکانی کارل گوستاو یۆنگ[٢] دەبەستێ. یۆنگ کە دەروونناسێکی سویسڕاییە و هاوکار و هاوڕێی زیگمۆند فرۆید بووە، ڕوانگەیەکی نوێ سەبارەت بە دەروونناسی دەخاتە ڕوو و دەروونی ناهووشیاری گشتی زیاد دەکات بە پێکهاتەکانی تری ناخ و دەروون کە زیگمۆند فرۆید پێشتر بە دەروونی ناهووشیار و دەروونی پێش هووشیاری و دەروونی هووشیار دابەشی کردبوون. یۆنگ لەو باوەڕەدایە دەروونی ناهووشیاری گشتی قووڵترین و دەروونیترین ڕەهەندی پێکهاتەی ناخ و دەروونە. لە ڕوانگەی ئەم جۆرە ڕەخنەیەوە مرۆڤەکان هەر لەسەرەتای پەیدابوونیانەوە لەسەر گۆی زەوی، هەندێک ئەزموونیان لە ژیاندا بەسەردا تێپەڕیوە کە کارتێکردن و کاردانەوەیەکی دەروونی و زەینی هاوبەشی بۆیان بووە. بۆیە کاتێک کە سەیری ئەفسانە و چیرۆک و ڕاسەکان دەکەین بۆمان دەرئەکەوێ خەون و خەیاڵ و ئارەزووی مرۆڤەکان زۆر لێک نزیکن و تەنانەت ئۆستوورەکانیان هاوبەشن. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە مرۆڤ خاوەن سروشتێکی هاوبەشە و ترس و خۆشی و تاڵی و بەختەوەری لە ناخی مرۆڤەکاندا یەکسانە و ڕەگەز و ڕەنگی پێست یاخود جێگای ژیان گۆڕان بەسەر هەستەکانیدا ناهێنێت.

ڕوانگەی ئۆستوورەیی-کۆن پارادایم شێوازێکە بۆ خوێندنەوەی دەق کە ڕەخنەگری ئەدەبی دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێت بۆ دۆزینەوەی نموونەی ئۆستوورەکان (بە کۆن و نوێوە) لە ئەدەبیاتدا و بەیارمەتی ئەم جۆرە ڕەخنەیە پیشانی بدات ڕووداو و ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری ئەو دەقە لە کامە ئارکیتایپەوە سەرچاوەی گرتووە. ڕەخنەگر تێدەکۆشێت پیشانی بدات نووسەری دەقەکان چۆن ئۆستوورەکانی بە مەبەستی گەیشتن بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئامانجی خۆی بەکار هێناوە یان گۆڕانی بەسەردا هێناون یاخود ڕەتی کردوونەتەوە. هەر ئۆستوورەیەک بە جۆرێکی جیاواز پیشاندەری خەون و ئاوات و خواست و بێ هیوایی و بێ هێزی و لاوازی یان تێگەیشتنی مرۆڤە لە خودی خۆی و لە جیهانی دەوروپشتی؛ ڕەخنەگرانی شوێنکەوتووی ڕوانگەی ئۆستوورەیی-ئارکیتایپ بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی ئۆستوورەکان و دەوری واتاکانیان لە ئەدەبیاتدا تێدەکۆشن.

بنەما و گریمانە سەرەکییەکانی ڕەخنەی ئۆستوورەیی-ئارکیتایپ بریتین لە:

١. ئۆستووره شتێکی گشتگیر و جیهانییە و لە کولتووره جیاوازەکاندا واتایەکی یەکسان و وەک یەک دەدات بەدەستەوە.
٢. پێکهاتەی ئۆستووره وەک پێکهاتەی زەین و ناخی مرۆڤە.
٣. ئۆستووره ڕیشەی لە دەروونی ناهووشیاریی گشتییدایە.
٤. ئۆستووره لەسەر بنەمای ئارکیتایپەکان سەری هەڵداوە و لە ڕەگەزی ئەوان دروست بووە.

لە ڕوانگەی یۆنگەوە هونەر و ئەدەبیات دەرفەتێکن بۆ هاتنەئارای ئارکیتایپەکان کە لە قووڵترین توێژەکانی دەروونی ناهووشیاری گشتیی مرۆڤدان. هەندێک لە باوترین ئارکیتایپەکان کە ڕەخنەگرەکان دەیخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە بریتین لە:

**ئ) کەسایەتییە ئارکیتایپیکەکان** وەک:

١. "قارەمان"، کە لەدایک بوونەکەی نائاساییە و لەسەردەمی تەمەنی ساوایی و منداڵیدا گیانی لە مەترسیدایە. لە تەمەنی هەرزەکاریدا سەر خۆی هەڵدەگرێت و بە بێ ئیزنی دایکوباوکی بۆ سەفەرێکی نادیار پڕ مەترسی دەچێ و بەسەر دوژمنان و کەندولەندا سەر دەکەوێت و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان و لەگەڵ کچێکی شازادەدا زەماوەند دەکات و ئەبێت بە پادشای وڵات، یان بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی نادیار و پڕ نهێنی دەکوژرێت و بەشێوەیەکی نەناسراو و ون ئەسپەردە دەکرێت. لە هەموو حاڵەتەکاندا قارەمان لەلای خوێنەر کەسایەتییەکی خۆشەویستە و شایانی ستایش و پیاهەڵگوتنە.
٢. "بەڵاگەردان"، گیانلەبەر یان کەسایەتییەکە کە دەکوژرێت یان گیانی دەخاتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی کەسانێکی تر کە تاونێکیان کردووە ببەخشرێن یان بەدووربن لە دەردوبەڵا. بۆ وێنە لە زۆربەی ئایینەکاندا ئاژەڵێک دەکرێت بە قوربانی تاکوو کەسێک لە مردن یان نەخۆشین ڕزگاری بێت.
٣. کەسایەتی دەرکراو"، کەسێکە کە لە بنەماڵە و هۆز و کۆمەڵ دەرکراوە چوونکە لە شتە باوەکانی کۆمەڵگاکەی لای داوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤. یەکێکـی تـر لە ئارکیتایپەکـان " **شـەیتان**"ە و بنەمـا و ڕیشـەی لە کتێبە پیرۆزەکاندایە و بە فێڵ و تەڵەکە و فریودان ئەچێتە ناخی کاراکترێکەوە و ئەبێتە هۆی لەڕێ بەدەرکردن و گومڕا بوونی.

٥. ئافرەتی پاک و ئاسمانی و زۆر جوان"، ژنێکە لە ئەوپەڕی پاکڕەوشتی و جوانیدایە و یان قەت خۆی نادات بە دەستی ئەویندارەکەیەوە یان بەسەختی خۆی ئەدا بەدەستەوە و لەئاکامدا ئەبێتە هۆی سەرفیرازی و بەرزی پلەوپایەی ئاشقەکەی.

٦. ژنـی بەدڕەوشـت و خراپەکـار"، کەسـایەتییەکـی نـاو چیرۆکەکـانە کە خەیـانەت بە هاوسەر و ئەویندارەکەی دەکات.

٧. دایکـی ڕەوشـت پـاک"، ئـافرەتێکە فراوانـی نێعمەت و فەڕوبەرەکەت وەبیـر دێنێتەوە خـواردن بە کەسـانی دەوروبەری دەدات و پەروەدەیـان دەکـات. خـۆی خۆیـدا دلۆڤـانە بـۆ منداڵ و کەسانی نزیکی فیداکاری دەکات.

٨. دایکـی ترسـێنەر" کە ژنێکـی جـادووگەری دەروون ناپـاک و فێڵبـاز و بەدڕەوشـتی ترسناکە.

٩. گزیکـار و دەغەڵبـاز" کەسـایەتییەکی بەدفەڕە کە لە ژیانـدا مـل بە یاساوڕێسـا و ڕێکوپێکی نادات بەها و نۆرمە ئەخلاقییەکان پێ شێل دەکات.

١٠. پیرەمێردی فرەزانـا و چاوکراوە" کە پێچەوانەی ئارکیتـایپی " گزیکـار و دەغەڵبـازە" و پێشەوا و یارمەتیدەر و ڕێنوێنیکەری قارەمانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

ب) **ژمارەکانی ئارکیتایپ کە بریتین لە: ژمارەی ٣** کە وەبیر هێنەرەوەی سێ ڕۆژەی وەفاتی کەسێک یان لە کار یان ڕووداوێک ئەوترێ: ئەبێ سێمینەی سونەت کات. **ژمـارە ٤** وەک چوار وەرزەی ساڵ، چوار ماکی پێک هێنەری جیهان (ئاو و ئاگر و خاک و با). **ژمـارەی ٧** وەک باسـی حەوت تەبەقەی ئاسـمان، دروسـت بـوونی جیهـان لە حەوت ڕۆژدا و ڕێوڕەسـمی حەوتەمین ڕۆژی کۆچی دوایی کۆچکردوان. **ژمـارەی ٤٠** ئەم ژمارەیە دیسان دەمانباتەوە بۆ لای شتە ڕۆحانی و ئایینییەکان. وەک خەڵوەکێشانی چل ڕۆژە، تۆفانی نۆح کە چل ڕۆژی خایاند، هۆزی مووسا چل ساڵ لە بیاباندا سەرگەردان بوون و ...

ج) **دیمەن و وێنەی ئارکیتایپی لە سروشت کە بریتین لە:** چەم و ڕووبار، بیابان، باخ، هەتاو و خـۆر. "**ڕووبـار و چەم**": ئارکیتـایپی تێپەڕینـی کاتوسـاتە و ئەتـوانێ باسـی قۆنـاغە جۆراوجۆرەکـانی ژیـان بێـت. بەگشـتی ئـاو ئارکیتـایپی ئافرانـدن، پـاکی، ڕزگـاری، لەدایکبوون، مانەوەی هەتاهەتاییە. " **چۆڵگە و بیابان**": ئارکیتایپی مەرگ و تیاچوون و نەمـانە و پیشـاندەری بـێ هیـوابییە. " **درەخـت**": ئارکیتـایپی قۆناغەکـانی ژیـان و لەدایکبوونە و سووڕی ژیانە. " **بـاخ** " ئارکیتـایپی بەهەشـت، وەبیـر هێنەرەوەی پـاکی و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەبەر و سەمەر بوونە. " **هەتاو**": تیشکی ڕۆژ وەبیر هێنانەوەی زانستێکە کە ڕووناکی دەبەخشێت. تیشک ئارکیتایپی هیوا، کاریگەری، دەرکەوتنی حەقیقەت و ژیانەوەیە.

د) **ئەو ڕەنگانەی کە ئارکیتایپین:** ڕەنگی " **سوور** " وەبیرهێنەرەوەی خوێنە و ئارکیتایپی هەستی تامەزرۆیی و قوربانی کردنە. هەروەها هێمای توندوتیژی، بشێوی و شۆڕش و ڕاپەڕینە. ڕەنگی "**کەسک و سەوز**" هێما و ئارکیتایپی بەرهەم و سەمەردان، هاتنەبەر و شوێنی پرپیت و بەبەروبوومە. ڕنگی " **شین و ئاوی**" ئاماژەیە بۆ پاکی و بەحورمەت بوون و هیوا بۆ بەردەوامی ژیان. ئەم ڕەنگە ئارکیتایپی ڕاستی و یەکڕەنگی و ئەشقە. "**ڕەش**" ئەم ڕەنگە ترس و مەرگ دێنێتەوە یاد. ڕەش هێمای دەروونی ناهووشیار و پاڵپێوەنەرە نەناسراو و سەرکێش و بەدفەڕەکانە. "**سپی**" ئارکیتایپی پاکی و بێتاوانی و خووخدەیەکی بێگەردە.

**هەڵسەنگاندنی ڕاسێک لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی ئوستوورەیی-ئارکیتایپەوە**

**ڕاسی "خورشیدشای خاوەر زەمین.**

لە زەمان زۆر قەدیما پاوشاییک ئەبێ کوڕی نابێ. خەڵکی شارەکەی و وەزیرەکانی لێی کۆ ئەبنۆ و ئەڵێن: ئەم سەروەتە کە خوا پێی داوی بیکە بە سێ بەش و تەقسیمی کە. بەشێکی بۆ خۆت و ژنەکەو، قسمێکیشی بۆ عەولاو، ئەگەر خوا دای پێتان. بەشێکیشی بدە لە ڕێی خوا. بە ئیرادەی ئەو خوا ڕۆژێک سۆفیلکەیەکی ڕیش سپی نوورانی ڕێی ئەکەوێتە شاری ئەو پاوشا و ئەزانێ کە مناڵیان نییە سێفێک ئەنێرێت بۆ پاوشا و ئەڵێ: پاوشا لەتێکی بخوات و لەتێکیشی بدات بە ژنەکەی ئیتر خوا عەولاویان پێ ئەبەخشێت. بە قسەی سۆفیلکە نوورانییەکە سێفەکە ئەخۆن و ژنەکەی پاوشا دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ کوڕێکی ئەبێ. کوڕەکەی ئەونە جوان ئەبێ شەوق لە ڕۆژ ئەبرێ و ناوی ئەنێن خۆرشید شای خاوەر زەمین. مناڵەکەی ئەدەن بە دایەن هەتاکوو گەورە ئەبێ و پێ ئەگرێ. کە کوڕەکەی پێی گرت، باوکەکەی کۆشکێکی بۆ دروس ئەکا و شیشەبەنی ئەکا و مەلاییێکی بۆ ئەگرێ و ئەڵێ: نابێ ئەم کوڕە چاوی بە کەس بکەوێ، ئیللا تۆ نەبێ ئەی مەلا! ئەبێ هەر تۆ دەرسی پێ بڵێی هەتاکو دەرسی تەواو ئەبێ!

چەن ساڵێ تێپەڕی و کوڕ بوو بە هەرزەکار. خوا وا مەیلی بوو ڕۆژێ لەو تەعامانە کە بۆیان ئەهاورد و ئەیخوارد پێشەیێکی تیا بوو. پێشەکەی تووڕ دا و دای لە شیشەیێک لە کۆشکە شیشەبەنەکە و شکاندی. لە شیشە شکاوەکەوە تەماشای کرد، ئەما بازاڕە و دەسەیێ سەر ئەکەوێ و دەسەیێ یێتە خوارۆ. دەسەیێ بەم لا ئەڕۆ و دەسەیێ بەو لا ئەڕۆ. تەعەجوب ما و وتی: خوا هەتا ئیسە من لە کوێ بووم و ئیسە خۆ دنیایێ تریش هەیە! بە مەلاکەی وت: بچۆ عەرزی باوکم کە ئیتر خوێنەواری ناکەم بەسمە. کوڕ یێتۆ بۆ ماڵ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

باوکی و بەینێ ئاوا دائەنیشێ و ئەڵێ: باوە بەخوا سوارەم بۆ ڕێ خە ئەچم بۆ ڕاو. سەرەتا باوکی ناهێڵێ بەڵام خۆرشیدشا ئەونە پێداگری ئەکات تاکوو ئاخری سوارەی بۆ ڕێ ئەخەن و ئەچێ بۆ ڕاو.

کوڕە پاوشا لەگەل سوارەکانا ڕوو ئەکەنە چۆڵ و بیابانێ. کوڕەکە تماشای کرد ئاسکێ لە ڕەو ئاسکەکان جیا بووۆ و دەرچوو، ئەمیش نیشتە سەری و چوو بە شوێنیا و گەیی پێی. خوا وا مەیلی بوو ئاسکەکە لە ژێر پەلی ئەسپەکەی خۆرشی شای خاوەر زەمینۆ دەرپەڕی و یای بە قەڵای کێوێکا. کەوتە شوێنی و کردی بە قەڵایچەیێکا. تەماشای کرد پیاوێ دانیشتوە تاوێ ئەگریێ و تاوێ پێئەکەنێ و گۆرانی ئەڵێ و هەڵئەپەڕێ. خۆرشی شای خاوەر زەمین ئەچێ بۆ لای کابرا و ئەڵێ: باشە تۆ چکارەی؟ ئەڵێ: کورە دەس مەدە لە زامم و تۆ چیتە بە سەر منۆ؟ ئەڵێ: توخوا پێم بڵێ! ئەڵێ: وەڵڵا من بازرگانم و لە وڵاتی چین بووم، ئافرەتێکی تیا بوو کچی پاوشای ئەوێ بوو و ناوی خەرامانی چین بوو و کەس چاوی پێ نەکەوتبوو. باخێکی بوو هەر وەختێ ئەچووە سەیرانی باخەکەی ئەونە جوان بوو خەڵک نەقاشییان لێ ئەکێشا و بە پووڵ ئەیاندا بە خەڵک. هەرچێ سەروەت و سامانم بوو دام بە عەکسێک لەو ئافرەتە و سەندم. ئیتر ئیسە هەر کە سەیری ئەو عەکسیە ئەکەم تاوێ ڕام لێ ئەبڕێ و ئەمگریێنێ، تاوێ گورانیم پێ ئەڵێ و تاوی هەڵپەڕکێم پێ ئەکا. هەر تاوێ بە مەقامێ ئیشم پێ ئەکا.

وتی: پێم پیشان بە. کە عەکسەکەی پیشان دا کوڕ لە سەر خۆی چوو. ئێنێتیۆ سەر خۆێ و ئێتۆ بۆ لای ئەو دەسە کە لەگەلیا هاتبوون بۆ ڕاو و شکار و پێیان ئەڵێ: ڕاو بەتاڵە با بڕۆێنۆ بۆ ماڵۆ. یێنۆ بۆ ماڵ باوکی و بە باوکی ئەڵێت: باوە گیان ژنم ئەوێ و خەرامانی چینیشم ئەوێ. ئەویش زۆر مەنعی ئەکا فەرمان بە نەچوونی ئەدات و ئەڵێ: تۆ شازادەیەکی تاقانەیت و ئەتوانین جوانترین شازادە و ڕێکوپێکترین کچی ئەم سەرزمینتە بۆ بێنین، ڕۆڵە گیان خەرامان بۆ تۆ نابێ. چەن پاوشازادە بە شوێنیا ڕۆین و تیا چوون. کوڕەکە ئەڵێ: باوە ئەگەر لەیلێ شا، هومیلیای پەریان، شیرینی ئەرمەن و زلێخای یەمەن، کە بە قەی نیوەی دنیا جوانن بۆم بێنی هەر نامەون و تەنیا خەرامانم گەرەکە! کوڕ زۆر یێنێت بۆ باوکی، ئەویش پاوشای مەملەکەتە و تەنیا هەر ئەو کوڕیە هەیە و حەز ناکا تیاچێ. ئاخری سپایەکی بۆ ڕێ ئەخات و ئەیخاتە تەکی وەلێ پێیان ئەڵێ: هەر شەوێک دووسەو نەفەرتان بگەڕێنۆ با تەنیا کەوێ بەشکەم خۆیشی بگەڕێتۆ. ئەچن لەگەلیا و هەر شەوێ دووسەو سێسەو نەفەر لە سوارەکە ئەگەڕێنۆ، هەتا شەوێکیان وای لێ یێ هەر تەنیا کابرایێک بە لایۆ ئەمێنێتۆ. هەر دوو گوێچکەی ئەویش هەڵئەکێشێ و ئەینێتە مشتی و ئەڵێ: بڕۆڕۆ ئەمە ببە بۆ باوکم بڵێ وتوویە بەخوا هەتاوەکوو تیا نەچم ناگەڕێمۆ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لـێ ئەدا ئـەڕوا و چەن چـۆڵ و چەن ئاوەیـانی ئەخـاتە دواوۆ و چەن چـۆڵ چەن ئاوەیانیش ئەخاتە بەرۆ، ڕوو ئەکاتە کانی و ئاوێک کە زۆر خۆش ئەبێ. لەویا دوو ڕکات نوێژ ئـەکا و ئەسپەکەی مەرەخس ئـەکا. سەرێ ئەنێتۆ خەوی پیا ئـەکەوێ. کە سەر بەرز ئەکاتۆ، تماشا ئەکا دێوێک ئەسپەکەی ئەخۆلێنێتۆ و ئەسپەکەی بۆ ناگیرێ. ئـەڵێ: لەعین ئەوە وڵاخە و بێزوانە بـێ ڕووکە خۆم. تیرێکـی لـێ ئەتەقێنێت و ئەدا بە ڕانێکیا و ڕانێکی ئەشکێنێ. ئەسپەکەیش ئەکا بە قەڵایچەیێکا. دێوەکە دەس ئەکا بە ناڵین و بە خۆرشی شا ئەڵێ: خۆرشی شا دەردی داوم ئەشێ دەرمانیشم باتێ. یانێ تیرێکی پێوە ناوم، تیرێ ترم پێو بنێ با بمرم. تیرێ تری پێوە ئەنێ و ئەیکوژێ و خوێنیشی سارێژ ئەبێ.

کوڕەکە نەختێ ئەڕوات ئەما گوێ ئەگرێ دەنگێ یێت. ئەگەیێتە ئافرەتێ قورئان ئەخوێنێ. ئەوێسێ لە درگاکەیا تا قورئانەکەی تەواو ئەکا. لە دواییا ئافرەتەکە ئەڵێ: یاڕەب بە حاجەتی تۆ یان مەرگێ بە ئاسان یان دەرم کەی لە پـێ مۆغاران. خۆرشی شا درگاکە ئەکاتۆ و ئەڵێ: زایفە دێوی، درنجی؟! چکارەی، چی ئەکەی لێرە؟! ئەویش ئەڵێ: بۆ خاتری خوا ئیسە ئەتخوا؛ بڕۆ لاچۆ لێرە! ئەڵێ: لە تۆ مزگێنی بێ دێوەکەم کوشتووە و ها لەو دیوۆ. ئافرەتەکە ناوی قەمەرناز ە و یێت و شان خۆرشی شا ماچ ئەکا و ئەڵێ: بە خاتری خوا ئەم دێوە حەوت ساڵە هاوردومیەتە ئەم مۆغارە. ئەمخاتە ئەم کۆنە لووتیە و لەو کونە لووتەکەیۆ ئەمیێنێتە دەرۆ. شتی مردارۆ بوو و پیس و چەپەڵم بۆ یێنێ بیخۆم. بە خوشکی خۆتم قەبووڵ کە من مارەبڕی ئامۆزاییێکی خۆمم. لە تەک کەنیزێکا هاتم بۆ سەیری باخ، بە ئاسمانۆ چنگی کرد پیاما و ڕفاندمی. حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بە ئاسمانۆ بووم ئانجا هاوردمیە ئێرە. ئیسە حەوت ساڵە هام لێرە. ئەویش بە خوشکی خۆی قەبووڵی کرد و وتی: تا ماوم تۆ خوشکی منی و من برای تۆم. یان سەری خۆم دائەنم یان ئەوگەیێنمۆ دەس ساحێبت.

شەو تەماشا ئەکەن دوو چرا سەریان ناوە بە یەکۆ، دوو چرای ئاگرین. خۆرشی شا کەوای شۆڕی لە بەرا بوو. چاک کەوا شۆڕەکەی ئەکا بە لاقەویا و ڕوو ئەکاتە چراکە و ناو خوا و پێغەمەر ئەبا. تیرێ دووسەر ئەتەقێنێ بۆ دوو چراکە. هەر چڵێکیان ئەچێ بە چرایەکیانا و هەر دوو چراکە ئەکوژێتۆ. [کە تماشا ئەکەن] ئەمە چاو دێو بووە کە وەک چرا ئەگرا. لەویا دێو ئەبێ بە تەپ و تۆز و تیا ئەچێ. چەن مۆددەتێ ئەڕۆن تماشا ئەکەن لە چۆڵ و چۆڵەوانییێکا باخێک ڕازاوەتۆ. بەم ئافرەتە کە ئیسە وەک خوشکیە ئەڵێ: تۆ لە بەر ئەم درەختا دانیشە با من بچم سەیری ئەم باخە کەم بزانم ئاوەیانییە؟

ئەچێ و پیایا ئەگەڕێ. کابرایەکی لـێ یێتە دەرۆ ساحێو باخەکەیە و لە دەسگیرانی ئەم ئافرەتیشە ئەچێ کە ها لە گەلیا. یێت بیکوژێ دەرەقەتی نایێ و خۆرشی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شا هەلیئەگریٚ ئەیکوتیٚ بە عەرزا و خنجێری لیٚ هەڵئەکێشیٚ، ئەڵیٚ: تۆ خوا مەمکۆژە من ناوم بێرووزە؛ دەسگیرانێکم بەم حاڵە و بەم شێوە دێو بردوویەتی. لەو عانۆ ئەم دەسگیرانمە دزراوە ئەم باخمە داناوە بەشکم بگەڕێتۆ و ڕێی کەوێتۆ ئێرە. خۆرشی شا ئەڵیٚ: وەڵڵا ئەو دەسگیرانتە وا تۆ ئێژی من لە دەس دێوم سەندووەتۆ و دێوەکەیشم کۆشتووە و بە خوشکی خۆێشم قەبوولم کردووە و هاوردوومە و ها لەگەلما. بێرووز ڕا ئەکا بۆ لای دەسگیرانەکەی و باوش ئەکەن بە یەکا و بە یەک شاو ئەبنۆ.

باوک بێرووز پاوشایە و ماڵیان لە شارێکا ئەبیٚ و ئەچن بۆ ئەو شارە. بێرووز حەکایەتەکە بۆ باوکی ئەگێڕێتۆ. ئەویش ئەڵیٚ: ئەی باشە خۆرشی شا بۆ کۆیٚ ئەچیٚ؟ ئەڵیٚ: وەڵڵا ئەچیٚ بۆ چین بەشکەم خەرامان کچی پاوشای چینی دەس کەویٚ. باوکەکەی ئەڵیٚ: ڕۆڵە گیان وا مەڕۆن با قافڵەیێکتان بۆ ڕیٚ خەم بە چل بار گەوهەرۆ. ئەم چل بار گەوهەرە بەن بۆ چین لەویٚ بیفرۆشن، بەشکم بەو بیانووە چاوتان کەویٚ بە خەرامان و قسەی لەگەلا بکەن.

قافڵە بەرەو چین ئەکەوێتە ڕیٚ. ئەگەنە چین و کاروانسرایێ پەیا ئەکەن و لەویٚ ئەیخەن. چل ڕۆژ لەویٚ ئەمێننۆ وەلیٚ هیچیان دەس ناکەویٚ، تاکوو چلەمین ڕۆژ. خەرامانیش دایەیێکی ئەبیٚ ئەو ڕۆژە ئەگەڕیٚ بە شارا. کە ئەبینیٚ و ئەبیسێت قافلەیێکی وا هاتووەتە ئەو شارە زۆر تەعەجوب ئەکات! دایە پیرەکە ئەچیٚ بۆ لای کاروان، بێرووز ئەیناسیٚ و داوێنی پڕ ئەکا لە گەوهەر و جەواهێر و ئەویش ئەیباتۆ بۆ لای خەرامان و ئەڵیٚ: قافڵەیەکی وا هاتووە ساحێبەکەیشی ئەمە لە بەر دەسیا بوو، بزانە جەواهێر جوانی هاتیا؟ خەرامان ئاگری تیٚ بەر ئەبیٚ و ئەڵیٚ: بەیانی ئەچم بۆ سەیری ئەو باخە ئەو دوو نەفەر ساحێب قافڵەی جەواهێریشە بێنن با ئەو چل بارە گەوهەریانە لیٚ بسێنم. خەرامان ئەچیٚ بۆ باخەکە و ئەچن خۆرشی شا ئەبەن بۆ لای. ئەڵیٚ: ئەم جەواهێرانە بە چەنیٚ؟ ئەویش ئەڵیٚ: هەر گشتی پێشکەش بە تۆ بیٚ. خەرامانیش دەسگیران ئامۆزاییێکی خۆیە و پاڵەوانیشە. خەبەری پیٚ ئەدەن کابراییێک بەم حاڵە و بەم ڕەنگە هاتووە لەگەل خەرامانا هان لە باخەکا و مامەڵە و حیساب ئەکەن.

یێن و دەور باخەکە ئەگرن. خەرامان ئەڵیٚ بە خۆرشی شا: بەخوا هاتن، ئیسە هەردووکمان ئەکوژن. ئەڵیٚ: لە هیچیٚ مەترسە برۆ بۆ دەور ئەو ئاو و چا بێسە. خۆرشی شا کوڕە خاسە و پاڵەوان ئەبیٚ تێیان ئەکەوی و تاقیان لیٚ ئەبڕیٚ. ئامۆزای دەسگیران کچەکە ئەگریٚ، ئەڵیٚ: بیکوژم؟ ئەڵیٚ: ئەرێوەللا بیکوژە. تەختی ئەکا و ئەکوژێت. خەبەر ئەدەن بە باوک خەرامان ئەویش بە چەن پاڵەوانۆ یێت. خۆرشی شا ئەیانگرێت و هەرچی داروەدەسەیە ئەکوژیٚ. باوکیشی ئەگریٚ ئەیبا بۆ لای خەرامان کچی و شمشێرەکەی ئەنێتە مل خۆی و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەڵێ: یان بەم شمشێری خۆمە ملم قرتێنە یان ئەم کچمە پێ بە. ئەڵێ: مادامێ ئەونە زرنگی باشە ئەو کچتە لێ مارە ئەکەم. کچەکەی بۆ مارە ئەکا و یێنۆ بۆ ماڵ باوکی بێرووز. بێرووزیش لەگەل ئافرەتەکا بە خۆشی بە یەک شاو ئەبن. ئەمجار خۆرشی شای خاوەر زەمین یێتۆ بۆ ماڵ باوکی، ئەبینێ باوکەکەی کوێر بووە. دەسێ ئەیێنێ بە سەر چاو باوکیا و خوا ئیتر ڕەحمی پێ ئەکا و چاوی خاس ئەبێتو. خۆرشی شا و خەرامان زەماوەن ئەکەن و حەوت شەو و حەوت ڕۆژ شایی ئەکەن و ئەیکەن بە جێگەدار باوکی و ئەبێت بە پاوشای وڵات خۆرشی شا و خەرامان بۆ هەمیشە بەیەکۆ ئەبن.

## باس و شرۆڤە:

ناوبانگی ولادیمیر پراپ( تـوێژەری بەناوبانگی چیرۆکە فۆلکلۆرەکان) دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی تایبەتی ئەو سەبارەت بەم جۆرە چیرۆکانە. بە بۆچوونی پراپ ئەو چیرۆکە فۆلکلۆرانەی کە کەسایەتی و ڕووداوی سەیروسەمەرەیان تێدایە زۆربەیان لە ئولگوو و سەرچەشنی دێرین و ئاشنای ئوستوورەکان پێڕەوی دەکەن کە بەکورتی بەشە سەرەکییەکانی بریتین لەوانەی خوارەوە:

- یەکێک لە ئەندامانی خێزان یان پاڵەوانی چیرۆکەکە ماڵەوەیان بەجێ دێڵێ.
- فەرمانێک دەرئەچێت بۆ پێش گرتن لە ڕۆیشتنی ئەو کەسە،
- پاڵەوانی چیرۆک گوێ بەو فەرمانە نادات ماڵەوە بەجێ دێڵێ و ئەچێت بۆ سەفەرەکەی.
- لەم سەفەرەدا پاڵەوان گرفتی بۆ پێش دێت و چەندین تاقیکردنەوەی سەخت دێنە سەر ڕێی.
- لەو سەفەرەدا پاڵەوان هاوڕێیەک پەیدا دەکات و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی یارمەتی دەدات.
- پاڵەوان لەگەڵ کەسایەتییە خراپەکانی چیرۆکەکە شەڕ و ململانێ دەکات و شکستیان دەدات.
- پاڵەوان بۆ پاداشی شکست دانی کەسایەتییە خراپ و ناپاکەکان خەڵات دەکرێ.
- خەڵک و کەسایەتییەکانی تری چیرۆکەکە چوونکە لە دەستی شەڕ و کەسانی ناپاک ڕزگاریان بووە ستایش و پەسنی پاڵەوان دەکەن.
- کچی پادشا لە پاڵەوانی چیرۆک مارە دەکرێت و دەبێت بە هاوسەری.
- پاڵەوان لە ئاکامدا دەبێت بە پادشای ئەو سەرزەمینە. (پراپ، ١٣٩٢)

بە نەختێک سەرنج و تێڕامانەوە بۆمان دەردەکەوێت گەڵاڵە و ڕەوتی چیرۆکی خۆرشیدشای خاوەرزەمین لە چوارچێوەی گشتی بۆچوونەکانی "ولادیمیر پراپ"دایە کە بۆ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چیرۆکە فۆلکلۆرەکان داینـاوە؛ زۆربەی تـوێژەرانی ئەم بـوارەش لەو بـاوەڕەدان کە چیـرۆکە فۆلکلۆرەکـانی جیهـان بەتـایبەت ئەوانەیـان کە بەم شـێوازە وتـراون ئەو چوارچێـوانە دەیانگرێتەوە.

### أ. کاراکتێرەکانی ڕاسەکە:

کاراکتێرە سەرەکییەکانی ئەم چیرۆکە بریتین لە: خۆرشید شا، باوکی خۆرشیدشا، بێرووز، خەرامانی چین. کاراکتێرەکانی تریش کە دەوریان کەمڕەنگترە بریتین لە: بازرگانی شێت و دێوانە، قەمەرناز دەزگیرانی بێرووز، سۆفیلکەی ڕیش سپی، دێوەکان، دایەن و باوک و ئامۆزای خەرامان. خۆرشیدشا هەموو تایبەتمەندییەکانی پاڵەوانە ئۆستوورەییەکانی هەیە. وەکوو هەموو ئەو پاڵەوانانە، کەسایەتییەکی پاک و چاکەکارە، نەترسە و لە هیچ مەترسییەک تەریز ناکات و خۆی لێ لانادات. لە منداڵیدا فێری خوێندن و هەموو زانستەکان دەکرێت. کە دەرەوەی کۆشک و دنیای تازە دەبینێت زۆر پرسیار لە مێشکیدا دروست دەبێت و وەک هەموو قارەمانە ئۆستوورەییەکان نەترسانە کەڵکەڵەی سەفەر و کۆچ ئەکەوێتە سەری و هاوڕێیەکیش لەم سەفەرەدا یارمەتی ئەدات کە ئەو هاوڕێیە لێرەدا بێرووزە و بە پاڵپشتی ئەو سەردەکەوێت و خەرامان دەدۆزێتەوە.

پاڵەوانی ئۆستوورەیی کەسێکی دەستەوەستانی بێدەرەتان نییە بەڵکوو ڕەوتی ڕووداوەکان دەگۆڕێت تاکوو بە ئامانجەکانی بگات. لەم چیرۆکەشدا خۆرشیدشا نەترسانە ئەچێت بەگژ ئەو لایەنە خراپ و دژانەدا کە ڕێی پێ دەگرن و سەرکەوتووانە زاڵ دەبێت بەسەر دێوەکاندا و هێزی حکوومەتی چین و باوکی خەرامانیش تێک دەشکێنێ و گیروگرفتەکانی سەر ڕێی ناهێڵێت. خۆرشیدشا وەک هەموو پاڵەوانە ئۆستوورەییەکان هێچ دژواری و سەختییەک ناتوانن ڕێی پێ بگرن و پاشگەزی بکەنەوە.

بە پێی ئەو باسانەی سەرەوە دەردەکەوێ کە بابەتی گرنگ لەم چیرۆک و ڕاسەدا و لە هەموو ئەو چیرۆکانەدا کە ئافراندنەوەی سەرلەنوێی ئۆستوورەیین، کەسایەتی تاکەکەسی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە نییە. خۆرشیدشا لەم ڕاسەدا تەنیا کەسایەتی تاکە کەسی تایبەت بە خۆدی خۆی نییە، بەڵکوو باسی مرۆڤە بە واتا گشتییەکەی. بە وتەیەکی تر خۆرشیدشا ئارکیتایپی " پاڵەوانێکی ئوستوورەیی" پیشان دەدات و ئەبێ وەک ڕەخنەگرێکی ئۆستوورەیی-ئارکیتایپی سەرنجمان بۆ لای دەوری ئەو پاڵەوانە بچێت لە گەڵاڵەی چیرۆکەدا، نەک بۆ لای تایبەتمەندی تاکە کەسی ئەو. ئەمە هەموو پاڵەوانەکانی تری ڕاسەکەش دەگرێتەوە. لەو ڕاسە فۆلکلۆریکانەدا کە ئۆستوورە بە شێوازی جۆراوجۆر پیشان دەدرێنەوە کۆمەڵێک کاراکتێری نەگۆڕ بەرچاو دەکەون کە گرنگترینیان بریتین لە: " پاڵەوان و قارەمانی سەرەکی"، " کەس یان کەسانی دەروونپیس و ناپاک و خراپەکار"، "برادەر و هاوڕێی قارەمان"، " یارمەتیدەر و پاڵپشتی قارەمان"، "پیرەمێردێ زانا" و " کچی پادشا".



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەم ڕاسەدا خۆرشیدشا ئارکیتایپی " قارەمان"ە، بێرووزیش دەوری ئارکیتایپیی " برادەر و یارمەتیدەر" دەگێڕێ. سۆفیلکەکەش کە پیرێکی زانایە لە سەرەتادا پادشا لە گرفتی نەبوونی مندالْ ڕزگار دەکات، هەمان ئارکیتایپی "پیرەمێردی زانا"یە. خەرامانی چین پاداشتێکە بۆ قارەمان کە هەمان ئارکیتایپی "کچی پادشا"یە، کە لە هەموو ئەو چیرۆکە فۆلکلۆریکانەدا خەلاّت و پاداشتێکە بۆ ئازایەتی و سەرکەوتنەکانی قارەمان و پاڵەوانی سەرکی ڕاسەکە.

**ب. گەلاڵەی ڕاسەکە:**

چۆن دەوری کەسایەتی و کاراکتێرەکانی ڕاسی "خۆرشیدشای خاوەر زەمین" بە تەواوەتی ئارکیتایپییە، ڕووداوەکانی ئەو ڕاسەش لە مۆدێلێک پێڕەوی دەکات کە ڕیشەی لە ئوستوورەی " سەفەری قارەمان"دایە. خۆرشید کە شازادەیە و هەمیشە لە دۆخێکی پڕ لە نازونێعمەتدا ژیاوە، لە کۆشک و خانووی پڕ لە سامانەوە سەفەر دەس پێ دەکات و دۆخی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ نێو جیهانێکی پڕ لە مەترسی. خۆرشید شا ئەبێ بتوانێت وەک قارەمانێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی کە هەمان دەسختنی خەرامانە، لەگەڵ گیروگرفت و مەترسی و ململانێی دژواردا بەرەوڕوو بێت و سەرکەوێت بەسەریاندا و سەربەرزانە خۆی لێیان ڕزگار بکات. ئەو بە هۆی ئەم سەفەرەوە قۆناغی مندالْی و مێرمندالْی تێدەپەڕێنێ و ئەوجار وەک کەسێکی بە ئەزموون دەگەڕێتەوە و تاج و تەختی پادشایی و فەرمانڕەوایی وڵات دەگرێت بە دەستەوە.

ئێستا کە هۆی سەفەری خۆرشیدمان تا ڕادەیەک بۆ ئاشکرا بوو، باشتر تێدەگەین بۆچی گوێی بە قسەکانی باوکی نەدا و نافەرمانی کرد. کاتێک باوکی دەڵێ: تۆ شازادەیەکی تاقانەیت و ئەتوانین جوانترین شازادە و ڕێکوپێکترین کچی ئەم سەرزمینەت بۆ بێنین، واز لەم ڕۆیشتنە بێنە. ئەویش سەرپێچی دەکات و گوێی بە قسەکانی باوکی نەدا و بە هێنانی ناوی بەناوبانگترین و جوانترین کچەکانی ناو داستانەکان، ئەڵێ: ئەگەر هەرکام لەوانەم بۆ بێنی، من ڕازی نابم و کەسیانم ناوێ. ئەم وڵامە باوکی وا لێ دەکات ئیتر دەست نەهێنێتە ڕێی کوڕەکەی و ئیجازە و مۆڵەتی ڕۆیشتنی پێ دەدات. سەفەری خۆرشید تاقی کردنەوەیەکی پڕ مەترسییە کە تیایدا قارەمان ئەبێ بچێ و زاڵ بێت بە سەر گیروگرفتەکانی سەر ڕێگایدا و خراپەکارەکان و ڕەوشتی خراپ تێک بشکێنێت. ئەم ململانێیە شەڕ لەگەڵ دوژمنێکی دەرەکی نییە بەڵکوو تێگیران و بەربەرەکانێیە لەگەڵ ئارکیتایپەکانی دەروونی ناهوشیاریدا، تاکوو خۆرشید بتوانێ بگات بە سەربەخۆیی کەسایەتی و تاکبوونی خۆی. بەپێی تیۆری یۆنگ ئەم بەرەوڕووبوونە سێ قۆناغی: ١- بەرەوڕووبوون لەگەڵ "بەشەکانی شاراوە یان سێبەری دەروونی ناهووشیاردا"، ٢- دۆزینەوەی "نیوەی ونبوو، یان جمک و ئاوڵ" (ئانیما یان مەعشووقی ئەزەلی). ٣- گەشە و پێگەیشتن و کامڵ بوونی "نەفس".



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەم چیرۆکەدا لایەنەکانی شەڕ و خراپەکاری، ڕەوشتە نالەبارەکانی دەروونی خۆرشیدشایە کە لای خۆی پەسەند نین بەڵام لە بەشی تاریک و شاراوەی دەروونی خۆیدا پاراستوونی. داگیرکاری و ڕەوشتی خراپ و دەسخستنی دەسەڵات و سەرکەوتن بە مەرجی لەناوچوونی کەسانی تر لە دەروونی خۆرشیدشا و هەر تاکێکی تردا هەیە بەڵام ئەو هەرگیز ئەو حەز و خواستانیە قەبووڵ نەکردووە و نەهێشتووە تێکەڵی بەشی هووشیاری دەروونی ببن. دەسخستنی دەروونێکی تەندروست پێویستی بە ناسینێکی قووڵە لە خودی خۆی. خۆرشید لەم سەفەرە و لەم بەجێهێشتنەی ماڵی خۆیاندا ئەبێ لەگەڵ ئەو پاڵنەر و خواستانەدا ئاشنا ببێت و لە ململانێیەکدا بەسەر لەیەنە خراپەکاندا سەر بکەوێت و لایەنی چاکەی دەروونی بەهێز بکات.

لەم ڕەوتی گەورەبوون و پێگەیشتنی خۆرشیدشادا ئەبێ ئەو لە بازنەی کۆشک و بنەماڵە و خواستەکانی باوکی بێتە دەرێ و لەگەڵ ڕەگەزی ئافرەتیش ئاشنا بێت کە یەکەمجار دەگات بە ئافرەتێکی قورئان خوێنی گرفتاری دەستی دێو و لەدەستی دێوەکە ڕزگاری دەکات و وەک خوشکی خۆیشی قەبووڵی دەکات و ئاگای لێ دەبێت و هۆشیشی پێوەیە تاکوو دەیگەیەنێتە دەستی دەزگیران و خۆشەویستەکەی خۆی. خۆرشید کە لە تەمەنی مێرمنداڵیدایە و قۆناغی باڵغبوون تێدەپەڕێنێت و خەریکە ئەبێت بە پیاو، لێرەدا جیاوازی نێوان خۆشەویستی و هەوەس و بەدڕەوشتی لێک دەکاتەوە و زاڵ دەبێت بەسەر خواستی جەستەییدا کە بە پێچەوانی دابە کۆمەڵایەتییەکانە و بە ناشیرین و نالەبار دادەنرێت. ئەو خۆشەویستی خەرامان ناگۆڕێتەوە بە هیچ شتێکی تر و هیچ ئافرەتێکی تر ناتوانێ لەخشتەی ببات.

بە پێی گەلاڵەی ئارکیتایپی " سەفەری قارەمان" خۆرشیدشا ئەبێ لەو سەفەرەیدا لەگەڵ هاوڕێ و یارمەتیدەری ئاشنا بێ و بە یارمەتی ئەو سەرکەوتن بەدەست بێنێ. لەم سەفەرەدا کە دەکرێت وەک گەشتێکی دەروونیش سەیری بکەین پاش شکست دان بە لایەنە خراپ و شەڕەکان کەم کەم دەروون و نەفسی پوختە دەبێ و پێ دەگات. لە کۆتاییدا خۆرشید پاداشتی سەختکۆشییە قارەمانانەکەی ئەم سەفەرە پڕ مەترسییە وەردەگرێت و لەگەڵ خەرامان پێک شاد دەبنەوە و دەگات بە نیوەی ون بوو و ئانیمای ڕاستەقینەی خۆی واتە خەرامان و هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات و هەروەها ئەشبێت بە پادشای وڵات.

ژمارەی "حەوت" و ژمارەی "چل" لە ڕاسی خۆرشیدشای خاوەرزەمیندا چەن جار دەکەونە بەرچاو. ژمارەی حەوت دروستبوون و تەواوبوونی جیهانمان لەپاش شەش ڕۆژ دێنێتەوە یاد کە لە قورئان و تەوراتدا ئاماژەی پێ کراوە و حەوت بە پیرۆز و تەواوکەر دەزانرێت. حەوت تەبقەی ئاسمان، و حەوتەمین ڕۆژی حەوتوو کە بۆ پشوو دیاری کراوە و ... ئەوەمان پیشان دەدات کە حەوت هەر لە مێژەوە لە لایەن مرۆڤەوە بە ژمارەیەکی پیرۆز زانراوە. لەم چیرۆکەشدا دێوەکە حەوت ساڵە قەمەرنازی دزیوە و ئازاری ئەدات. یان حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ئەرفێنێت و دووری دەخاتەوە. یۆنگ ئەم ژمارانە بە ژمارەیەکی ئارکیتایپییە و هێمای تەواو بوون و پێگەیشتن و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کامڵبوونی ئەقڵ دەزانێت. سەبارەت بە ژمارەی "چل"یش بۆ وێنە لە چیرۆکە ئایینییەکاندا باسی هەڵبژاردنی حەزرەتی محەممەد(د) بە پێغەمبەرایەتی دەکرێ لە تەمەنی چل ساڵیدا. هەروەها تۆفانی حەزرەتی نۆح چل ڕۆژی خایاند،حەزرەتی مووسا چل ڕۆژ نزا و پاڕانەوەی کرد و چلەکێشی سۆفییەکانیشمان هەیە. بۆیە باسی چل لەم ڕاسەدا هێمایەکە بۆ پێگەیشتن و گەیشتن بە قۆناغی گەورەساڵی، تاکوو ئیتر تووشی سەرلێ شێواوی نەبێت. ئەم سەفەر دەرفەتێک بوو بۆ ناسینی دەروونی خۆرشید لە لایەن خۆیەوە.

## ئەنجام و ئاکام:

لەم خوێندنەوە ڕەخنەییەدا بینیمان ڕاسی " خۆرشیدشای خاوەرزەمین " لە مۆدێل و پاڕادایمی ئۆستوورەیی پێڕەوی دەکات کە مێژینەیەکی کۆنی هەیە. بۆیە شی کردنەوە و شرۆڤەیەک کە "پراپ" بە پێی ئەم پارادایمە سەبارەت بە چیرۆکە فۆلکلۆریکەکانی ڕووسیا کردوویە، لەم ڕاسەشدا بەرچاو دەکەوێ و زۆر لێک دەچن. ئەمە قەبووڵ کردنی تیۆری دەروونی ناهووشیاری گشتییە کە لە لایەن یۆنگەوە هاتوتە ئاراوە و پیشان دەدات کەسایەتیی "قارەمان" و " گەلاڵەی " سەفەری قارەمان" ئارکیتایپ و پارادایمێکی جیهانییە کە ڕەگ و ڕیشەی لە چوارچێوە گشتییەکانی ئەندێشەی مرۆڤدایە، ئەو چوارچێوانەی کە نموونەی جۆراوجۆریان لە بەشێکی زۆر لە چیرۆک و ڕاسە فۆلکلۆر و چیرۆکە کلاسیک و مۆدێرنەکانی ئەمڕۆدا دەدۆزینەوە.

ئۆستوورەکان بە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆر لە هەموو کۆلتوورەکانی مرۆڤ و ئەدەبیاتی نەتەوە جیاجیاکاندا هەیە و ڕەنگە لە وردەکارییەکانیاندا جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا بێت. بەڵام کاری سەرەکی ئۆستوورەی قارەمان لە هەموو شکڵ و شێوازە جیاوازەکاندا ئەوەیە کە تاک بتوانێت دەروونی خۆی بناسێتەوە و لەگەڵ گیروگرفتەکانی ژیانیدا بەشێوازێکی ژیرانە هەڵسوکەوت بکات تاکوو زاڵ بێت بەسەریاندا. یۆنگ لەو باوەڕەدایە هاوکات لەگەڵ پێگەیشتنی هزری مرۆڤ لە دەروونی ناهووشیاریدا قارەمانی جۆراوجۆر سەرهەڵ دەدەن. ناسینی ئارکیتایپی قارەمان یارمەتیمان دەدات پرۆسەی پێگەیشتن و لەسەر پێی خۆ ڕاوەستان تێپەڕێنین تاکوو لە تەمەنی گەورەساڵیدا نەهێڵین ڕەوشتە منداڵانەکان بگەڕێتەوە دەروونمان. لە سەرەتای ڕاسی "خۆرشیدشادا" باوکی لە ڕۆیشتنی منداڵەکەی بۆ سەفەر و جیهانی نادیاری دەرەوەی کۆشک و وڵاتی خۆیان دەترسا، بەڵام لە کۆتایی چیرۆکەکەدا و پاش تێپەڕاندنی سەفەر و مەترسییەکانی، خۆرشید بە کەسایەتییەکی بە ئاگاهاتووی سەربەخۆی پێگەیشتووەوە گەڕایەوە و چاوی نابینای باوکی ساغ کردەوە کە هێمایەکە بۆ ئاگادارکردنەوە و کرانەوەی چاوی دەروونی پادشا و تێگەیاندن و هووشیار کردنەوەی.


## سەرچاوەکان:

١- ادریسیان، غلامعلی.( ٢٠١٩ )، کرد و کردستان در هزارەهای ماقبل تاریخ و ... . چاپ دوم، سلیمانیە: انتشارات سەردەم، ص١٦٤.

٢- پاینده، حسین. (١٣٩٩)، نظریه و نقد ادبی. جلد اول، چاپ سوم، تهران: انتشارات سمت، ص ٣٠٠.

٣- پراپ، ولادیمیر(١٣٩٢ ) ریخت شناسی قصه های پریان، ترجمەی فریدون بدرەای. تهران: انتشارات توس.

٤- یونگ، کارل گوستاو (١٣٩١ ) خاطرات، خواب ها و تفکرات، ترجمەی بهروز زکا. تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب پارسه.
٥- فروید، زیگموند ( ١٣٨٢) رئوس نظریه روانکاوی. ترجمەی حسین پاینده. فصلنامه ارغنون، شماره ٢٢.

## پەراویز:

1. Jack Harlan
2. Carl Gustav Jung


**چکیده:**

ادبیات عامه بخش عمده‌ای از فوکلور را تشکیل می دهد که به نظم و داستان تقسیم می شوند. داستان، راس، حکایت و ... درونمایه‌ای پر از دانش را در دل خود نهفته دارند. با توجه به دیرینگی زندگی مردمان کردنشین سلسله کوههای زاگروس و نظر به قدمت حیاتشان دارای گنجینه فولکلور ارزشمندی هستند که بیانگر تفسیرشان از واقعیات و رویدادهای دوروبر و جهان پیرامون و امید و آرزوهای برباد رفته و آرمانهایشان است. برخی از این تفسیرها با تفسیر مردمان دیگر متفاوت است اما بیشتر نگرش آنها با مردمان دیگر جهان مشابهت دارد. در این پژوهش مروری بر گنجینەی ارزشمند داستان، افسانه و حکایات فولکلور این مردمان خواهیم داشت و جنبه‌های گوناگونی از ساختار و محتوای یکی از آنها را با عنوان "خۆرشیدشای خاوەر زەمین" از دیدگاه نقد " اسطوره‌ایی-کهن الگویی" مورد بررسی قرار خواهیم داد. در این پژوهش پس از شرح خلاصه‌ای از نقد اسطوره‌ای-کهن الگویی((Archetype) ، داستان " خۆرشیدشای خاوەر زەمین" را از دیدگاه این نوع نقد مورد خوانش قرار می دهیم.


**کلیدواژه:**

## King Khorsheed Khawar zamin Story In the Critical Viewpoint of


**Abstract:**

The oral literature is an important section of folklore which is divided into tales and poems. Stories, tales, epics and etc are the first class of this kind of literature that containing full acknowledgment.

All Zagros areas of Kurdish population according to their ancient rules on their one soils, having thousands of tales and tragic stories full of pride and none reachable hope's of an occupied people.

This parts of folklore discovering our ancestors understandings of cheerful and tragic adventures similarly to the others across the world.

In this research We have a survey on this rich heritage of tales and stories of Kurdish legends in Marivan, known as "Xurshid Shay Xawer Zemin". We will also read this oral text with an archetypeal approach.


**Keyword:** *Folklore Literature, Legendary Criticism, Archetype Youg Junh*